# کورد  لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامدا (میتۆد و سەرچاوەی زانیاریەکانی) (١٣٢-٦٥٦ک)(750-1258ز)

**ID No. 295**

(PP 187 - 204)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.6.10

**حکیم احمد مام بکر**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

hakeem.mambakr@su.edu.krd

**تارا محمد خدر**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

tara.khdir@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/05/09**

**پەسندکردن : 2022/07/28**

**بڵاوکردنەوە : 2022/12/25**

**پوختە**

وەک زانـــراوە  لەســـەدەی 19ەوە میـــژوو و مێژوونووســـی رێچـــکەی زانســـتیانەی زیـــاتر پەرەی پێـــدراو لە چوارچیـــوەی تەنهـــا گیـــرانەوەی رابـــردوو و کـــۆکردنەوەو کەلەکەکـــردنی زانیـــارییەوە بـــۆ هەلســـەنگاندن و رەخنگـــرتن و شـــیکاریی زانیارەکـــان بە پیودانـــگ و میتـــۆدی تـــویژینەوەی زانســـتیانە و شـــەن وکەوکـــردنی زانیاریەکـــان بەهـــای زانســـتی خـــۆی لەپـــال زانســـتەکانی دیـــکەدا بەدەســـتهێنا. لەپـــاڵ ئەمەشـــدا رۆژهەڵاتناســـی و کـــارو بەرهەمەکـــانی رۆژهەلاتناســـانیش وەک دیـــاردەیەکی دیـــکە  زیـــاتر بـــایەخ و گرنگـــی میـــژووی رۆژهەڵات و شارســـتنایەتەکانی رۆژهەلاتی لە لای تـــویژەرانی میژوویـــی و ناوەنـــدە زانســـتی و ئەدەبیەکـــان ســـەلماند، هەلـــبەت رۆژهەڵاتناســـی بەدەر لەو مشـــتومرانەی لەســـەری کـــراوەو دەکرێـــت ســـەبارەت بە پالنەرەکـــان و ئامانجەکـــان لە چالاکیەکـــانی رۆژهەلاتناســـانی بیـــانی و رۆژئـــاوایی کە لە جەمســـەری جیـــاو نـــاکۆکەوە هەلســـەنگاندن و نرخانـــدنی بـــۆ دەکریـــت بەڵام قۆنـــاغ بە قۆنـــاغ کـــایەی رۆژهەلاتناســـی فـــراوانترو دەولەمەنـــدتر دەبـــوو، بەشـــێکی خەرمـــانی ئەو زانیاریـــانەش کە کـــۆدەکرانەوە و تۆمـــار دەکـــران لە لایەن خـــودی رۆژهەلاتناســـەکانەوە لە چوارچێـــوەی ئینســـایکلۆپیدیاکاندا چـــاپ و بـــلاو دەکـــرانەوە، لەوانەش (ئینســـایکلۆپیدیای ئیســـلام) کە ســـەرچاوەیەکی زانیـــاری دەولەمەنـــدمان دەخـــاتە بەردەســـت ســـەبارەت بە مێـــژوو و شارســـتانیەتی گەلانی ئیســـلامی و رۆژهەلاتی، کە پشـــکدارە لە سەربارخســـتنی زانیـــاری و مەعـــریفەی زیـــاتر لەبـــارەی مێـــژووی رۆژهەلات بەگشـــتی و ســـەردەمی ئیســـلامی بەتـــایبەتی، بێگومـــان ئەمەش بەشـــێکی ئەگەرێـــتەوە بـــۆ ئەوەی کە لە ســـەردەمی ئیســـلامیدا بەهـــۆی برەوســـەندنی نووســـینەوەی مێژویـــی و پاراســـتنی زانیاریەکـــان کەرەســـتە و ســـەرچاوەی رەســـەن وتۆمـــاری زانیـــاری ورد و بەپێـــز لەبەردەســـت بـــوون  بـــۆ ئەوەی نووســـەرانی رۆژئـــاوایی و تـــوێژەران ســـوودی لـــێ ببیـــنن و بیکەنە بنەماو کەرەستەی خاوی بەردەستیان لە نووسین و ئامادەکردنی ئینساکلۆپیدیای ئیسلامدا.

**کلیلی ووشە:** ئینسایکلۆیدیا. رۆژهەلاتناسان . میتۆد . ئامانج . رۆژئاوا. سەرچاوە.

## پێشەکی:

هەر بـــابەت و دانـــراوەیەک کە تـــویژینەوەو گفتوگـــۆی لەســـەر بکـــرێ لە راســـتیدا  گرنگـــی و بـــایەخی ئەو  ســـەرچاوەیە دیـــاری دەکـــات جـــا دانراوەکـــان لۆکـــالی و خۆمـــالی بـــن یـــاخود لەلایەن بێگانەکـــان و رۆژهەلاتناســـانەوە دانرابـــێ و گرنگـــی پێـــدرابێت, نەخاســـمە بـــۆمیژوو و رابـــردووی ئـــیمەی کـــورد کە تـــا ئەم ســـەردەمەش وەک پێویســـت ئـــاوری تەواوەتی لەو بەرهەم و نـــووسراوانە نەدراوەتەوە و لە دورەوە بەبـــی گەران و ووردبـــونەوە تەواوەتی لە نـــاوەرۆک و زانیاریەکـــانی چ لە رەهەنـــدی میـ تۆدەوە یـــاخود مەعـــریفە و زانـــین بە ســـەرچاوەی زانیاریەکـــانی ئەو بەرهەمـــانە هەلویســـت و بریـــاری زانســـتی بـــون یـــان بە پـــیچەوانەوە  رەخـــنە ي نـــا لـــۆژیکی لێـــدەگرین، لە دوو تـــوێی زۆربەی ئیناســـایکلۆپیدیاکاندا بەســـەرجەم بـــرگەو بەش  و بابەتەکانیـــانەوە زانیـــاری فـــرە و هەمەچەشـــن لەبـــارەی  زۆریـــک لە گەلان و نەتەوەکـــانەوە خـــر کـــراونەتەوە و تۆمـــار کـــراون کە هەر نووســـەریک بە میـ تۆدیکی جیـــاواز و لە گۆشـــە نیگـــای جیـــاوازەوە پشـــکدارە لە پێکهـــاتەی  ئینســـایکلۆپیدیایەکدا، هەلـــبەت ئەمەش بـــۆ ئینســـایکلۆپیدیای ئیســـلامی هەر راســـتە. کەواتە ئینســـایکلۆپیدیاکە بەرهەمێکـــی فـــرە میـ تۆد و فـــرە ســـەرچاوەی هەمەچەشـــنی زانیـــارییە و هەر لەم سۆنگەشـــەوە ئەم تـــوێژینەوە دەخوازیـــت شـــیکاری و بەراوردکـــاری لەســـەر ئەو میـ تۆد و ســـەرچاوەی زانیاریـــانە بکـــات کە لە ئینســـایکلۆپیدیاکەدا لەبـــارەی میـــژووی کـــوردەوە رەچـــاو کـــراون و لەلایەن رۆژهەڵاتناســـانەوە پشـــتیان پێبەســـتراوە.  جـــگە لەوشـــیکردنەوەی نـــاوەرۆکی ئینســـایکلۆیدیا لەرووکـــاری دەرەکـــی و نـــاوەکیەوە

کە تیشــکی خــراوەتە ســەر هەروەهــا ئامــانجی نوســنی ئەو بەرهەمە لەگەل لیوردبــونەوە لە ســەرنجەکانی رۆژهەلات دەربـارەی ئەو کتیبە کە لە چەنـد بەرگیـک پیـک هـاتووە.، بەراوردکـردنی راسـتی و دروسـتی بـە کارهینـانی سـە رچـاوە کـان بـۆ کۆکردنە وەی زانیاری کارێکی تری ئەم توێژینەوەیە تا چەند زانستیانە زانیاریەکانی وەرگرتووە..

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم تـوێژینەوەیە ئامـانجیەتی تیشـک بخـاتە سـەر چەنـد لایەنێکـی گرنگـی ئینسـایکلۆپیدیای ئیسـلام بە تـایبەتی هەلوەسـتە کـردن لەسـەر شـیکردنەوە و میـتۆدی نووسـینەکە و دارشـتنی زانیاریەکـان ، هاوکـات گفتوگـۆش بەوردی لەسـەر سـەرچاوەی زانیاریەکـانی بکـات کە لیـوەی دەقەکـانی زانیاریەکـان هەلهێنجـراون دەربـارەی مێـژووی کـورد لە قۆنـاغی سـەدەکانی ناوەراست .

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

تــوێژینەوەکە دابەشــی ســەر دوو تەوەرەی ســە رەکــی کــراوە، تەوەرەی یەکەم ناســاندنی ئینســایکلۆپیدیاکەو هەلســەنگاندنیک بــۆ دیــدو تیروانینەکــانی رۆژهەلاتناســان چ بە ئەرێنــی یــاخود نەرێنــی لەخــۆ دەگریــت هەروەهــا کۆرنۆلۆژیـای نووسـینەکان و نـۆبەی چاپەکـانی و وەرگیرانـی ئینسـایکلۆپیدیاکە بـۆ زمـانە جیاوازەکـان و میـتۆدی پیـادەکراو لە نووسـینی بابەتەکـانی نـاو کتیـبەکەو ئامانجەکـانی نووسـەران و رۆهەلاتناسـان لە خسـتنەروو و دانـانی بابەتەکانـدا لەهەمـان تەوەردا دەســتی بــۆ بــراوە. لەتەوەرەی دووەمیشــدا تیشــک خــراوەتە ســەر بــابەتی ســەرچاوەی زانیاریەکــانی ئینسـایکلۆپیدیاکە کە پشـتی پـی بەسـتوون سـەبارەت بە میـژووی کـوردی سـەردەمی ناوەراسـت هەر لە سـەرچاوەی گشـتی و بــاوو تــا ســەرچاوەو دانراوەکــانی وڵاتناســان و ئەو ســەرچاوانەی کە تــایبەتن بە دەوڵەتی ئەیــوبی، ســەرچاوە فارســیەکان و نووسین و ئەو وترانەش کە لەسەر زاناو ناودرانی کورد نووسراون.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان :**

لەگـرنترین ئەو سـەرچاوانەی کە وەک سـەرچاوەی سـەرەکی کەلکـی لێـوەرگیراوە کتیبـی ئینسـایکلۆپیدیای ئیســلامە بەچــاپە ئینگلیـزیەکەی و لەگەل هەنـدی لە و کتێـب و تـوێژینەوانەی لە سـەر رۆژهەلاتناسـی کـراون بەتـایبەتی ( المفتریـات واخطـاء دائـرة المعـارف الاسـلامیة . خالـد عبداللـە قاسـم ) ( المستشـرقین حـول العقوبـات فـی دائـرة المعـارف الاسـلامیة .عمـر بـن المسـاعد). هەروەهــا بەشـێکی زۆر لەسـەرچاوە رەسـەنەکانی سـەردەمی ئیسـلام کە ئامـاژەی بە میـژووی کـورد لەسـەردەمی ئیسـلامی کردووە.بـۆ نمـونە ( الطـبري- ، ابـن الاثیـر : الاصـطخری .ابـن حوقـل . المقدسـی . یـاقوت الحمـوی) و چەنـدانی دیکەش.

**1- ناساندن و میتۆدی کتێبی ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام**

**1-1 پێناسەی ئینسایکلۆپیدیاو تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتیەکان لە بارەیەوە**

کتێبی (ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام) بەیەکێک لە گرنگترین و بەناوبانگترین بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵاتناسان دادەنرێت، کە لەداڕشتنیدا دەیان ڕۆژهەڵاتناس لە پایە جیاوازەکان بەشداریان کردووە ,هەریەکەیان بە ئامانجیکی تایبەت، لە نێو نوسینەکانیشیان زۆر بیروبۆچوونی جیاواز بەدی دەکرێت، هەروەها بەرهەمەکانیشیان زیاتر لە بارەی ئاینەکان و شارستانیەتی ڕۆژهەڵات بووە، گرنگیان بەزانستە ئیسلامیەکان و بابەتە زمانەوانیەکان داوە. (حمید، دت، ٤). هەروەها ڕۆشنبیری ئیسلام لە ڕووی ئاین و شوێن، وڵات و زمان، کەسایەتی ناودار لە چوارچێوەی مێژووی ئیسلام. (سمایلوفشت، ١٩٩٨، ٥٦٧: الموسوعة العربیة الإسلامیة، ١٩٩٩، عدد٢٤،٤٣٧ ).

ئینسایکلۆپیدیا زۆر پێناسەی بۆ کراوە، بەگرنگترین خوێندنەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت. (الحمید، دت،٤)، چونکە کارێکی تاکەکەسی نەبوو، یاخود تایبەت نەبوو بە شوێنێک یان زمانێک یان نەتەوەیەک بەڵکو کارێکی بە کۆمەڵ بوو.( مساعد، ،2004، ١٤). تەنانەت لە وڵاتانی ئەوروپا کۆنگرەی کۆنگرەی نۆیەم لەلەندەن سالی 1892. (القاسم، ٢٠١٠، ج١، ٥٤؛الحمید،دت،4). پێناسەیەکی تری بۆ کراوە بەوەی بەرهەمێکی بە پێزی ڕاستی زانستیە بۆ زانیاریە ئیسلامییەکان، زیاتر لە نۆ هەزار ماددەی ڕێکخراو یەک بەدوای یەکی پیتی ئەلف و بی لە خۆ دەگرێت. هەر مادەیەکیش لە پەنجا بۆ پەنجا هەزار وشە پێکدێت. بێگومان بە پێی گرنگی لەچوارچێوەی شارستانی ڕۆژهەڵات. (موجز دائیرة المعارف الاسلامي، ١٩٩٨، ج١، ١٤).

ئینسایکلۆپیدیا هەرچەندە کارێکی فراوانە، کەچی ڕۆژهەڵاتناسان کۆتاییان بە نوسینەکانیان لەسەر ڕۆژهەڵات نەهێناوە، بەڵکو لەبنیاتنانی خۆیان لەسەر مێژووی گشتی ئیسلامی و ڕۆژهەڵات بەردەوامە. هەوڵدەدەن مۆزەخانەیەک لە نووسین بۆ مێژووی ئیسلامی دروست بکەن، چەند کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پۆلێنکردنی کۆمەڵگای رۆژهەڵات بەگوێرەی نەتەوە و زانیاری گشتی، بەستراوە باسی هونەر لە چوارچێوەی مێژووی جوگرافیای موسڵمانان کراوە.(صالح،٢٠١٠، ٢٤١). تەنانەت نوسینەکانیان لە ئینسکلۆپیدیا وەکو دادگەرێك بەحکومدان لەسەر بنەما گرینگە ئاینەکان پێناسە دەکرێت.(الجندی، 1985، 73-74). هەروەها ڕۆژئاواییەکان لەسەرچاوەکانی خۆیان پێناسەو باسی کارە ڕۆژهەڵاتناسیەکەی خۆیان دەکەن، کارێکە دەربارەی ئیسلام وە بەکورتی پێناسەی سەرجەم چەمك و زاراوە سەرەکیەکان و زانیاری گشتی و مێژووی، دیارترین کەسایەتیەکان بەخوێنەر دەناسێنێت. (GoRDoN, Encyclopedia of Islam, 2003, P12).

لە پێناسەیەکی تردا، ئینسایکلۆپیدیا هەولیکە خوێنەر بە دونیای ئیسلامی دەناسێنێت، لەڕێگەی چەمك و زاراوەی فرەچەشنی دەستەواژە ئیسلامیەکان هەروەها تێروانینی زاناو بیرمەندە ئیسلامیەکانیش دەخاتەڕوو JUAN CAMPO, Encyclopedia OF ISLAM, 2009, PP32-34.

دەتوانین بڵێین ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام نوسین و خوێندنەوەی رۆژهەڵاتناسانە کە وینای کۆمەلگای رۆژهەلاتی و ئیسلامی لە رەوش و سەردەمە جیاوازەکاندا دەکات، بە لەبەرکردنی بەرگێکی زانستی و دەستخستنە ناو شارستانییەک کە چەندین نەتەوە خاوەنی بوون، بەجۆرێک کۆکردنەوەیەکی هەڕەمەکی مێژوویی، نیشاندانی بە لیکۆلینەوەیەکی شارەزا بەتێکەڵکردن و هاوسەنگ کردنی، سەرەڕای کەم و کوری و هەڵەباوەکانی میتۆد لە نوسینەکان.

خوێندنەوەی رۆژهەڵاتییەکان بۆ ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام:-

ڕۆژهەڵاتناسان لە بارەی ڕۆژهەڵاتەوە بیروبۆچونیان جیاوازە، بەڵام دواجار ڕەوش و هەڵویستی رۆژئاواییەکان لەخۆ دەگرێت. لە بەرامبەر ئەمەدا ڕۆژهەڵاتیەکانیش هەڵسەنگاندنی جیاواز بۆ کاری ڕۆژهەڵاتناسان دەکەن، بۆ نموونە خوێندنەوەی ئینسایکلۆپیدیا لای ڕۆژهەڵاتیەکان لەیەك ناچێت. نوسەرێك لە بارەی ئەم کۆکراوەیە دەڵێت:- بیروهۆشی رۆژهەڵاتناسان لەژێر چاودێری چەندەها کۆمەڵەی زانستی رۆژئاوا بووە. (النجار، ١٩٨٢، ٦٢). (محمد عبدالله مليباری) کاتیک باسی ئینسایکلۆپیدیا دەکات ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە بۆ نقومکردنی مێژوو و شوێنەواری ئیسلام، گومان خستنە نێو ئیسلام بەشێوەیەک لە ریشەوە کاری لەسەر بکەن. (مليباری، 1990، 54). بە پێچەوانەوە بە گەورەترین سەرچاوەی زانیاری ئیسلام دادەنرێت، وەکو کۆگایەک سەیری دەکەن و بە کۆڵەگەی زانیاری دایدەنێن، وە زۆر بە دڵسۆزی بۆ چەند زمانێك وەریانگێراوە. (الندوي، ١٩٨٦، ٩). ستایشی ئینسایکلۆپیدیا بەوەی کە ئامانجی خۆی پێکاوە، ئەویش لە ڕێگەی ناساندنی ئیسلامەوە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان باسی لەهەرچی پەیوەستە بە ئیسلام لە چوارچێوەی ملیۆنان موسڵمان کردووە، شارەزایی لایەنە جیاوازەکانی مێژوو بوون و ناسیویانە، بۆیە بەفەرترین کتێبەکانی ڕۆژئاوا دادەنرێت. (العقيقي، دت، ج٣، ٣٧٢). (علی الغمراوی)ش لە وەسفی چاپی دووەمی ئینسایکلۆپیدیا دەڵێت:- بە سەرپەرشتی کۆمەڵێک رۆژهەڵاتناس و بە چاودێری یەکێتی ئەوروپی و کۆربەندە زانستیەکان ئەنجامدراوە، (المساعد ، ٢٠٠٤، ١٦). جگە لەمانە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام وا باس دەکرێت، کە چەندەها هەڵەی زانستی و مێژوویی تێدایە، هەروەها ناتوانرێت پرسیاری مێژوویی و زانستی لێوەدەست بهێنرێت، بەڵکو پێگەیەکی موژدەدەرانەیە کە ناردوویانە بۆ جیهانی ئیسلامی. (،الجندي، ١٩٨٥، ١٧-١٩). ئینسایکلۆپیدیای بە بەهایەکی زانستی و هەوڵ و ماندوبوونی ڕۆژهەڵاتناسانەوەش وەسف کراوە. (الزقزوق، ١٩٨٩، ١٨١). لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، دەستکەوتێکی رۆژئاوایە بۆ لێکۆڵینەوە لە بنج وبنەوانی رۆژهەڵات، دروستی و نادروستی زانیارییەکان بە ئاگاداریەوە بووە، ڕاستی زانیارییەکان وەکو خاوەن دەستکەوتێک نیشان دەدرێت، نا دروستیەکانیش گەیشتنە بە ئامانج و مەبەستی دیاریکراوی رۆژئاوا، بێگومانیش سودی بۆ رۆژهەڵات هەبووە، بۆ بەئاگا هێنانەوەی چۆنیەتی وەرگرتنی زانیاری لای رۆژئاوا، کە چۆن پێداچوونەوەو خوێندنەوە بۆ سەرچاوەکانی ئینسایکلۆپیدیا! کە هی خودی رۆژهەڵاتە! دەکەن.

**٢.١ کۆرنۆلۆژیای نوسین و چاپکردنی ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام**:-

ڕۆژهەڵاتناسان بۆ پێکهێنانی وێنەیەکی دیارو جیاواز لە مێژووی ڕۆژهەڵات و پیشاندان بە ڕۆژئاواییەکان، لە کۆنگرەییەکی نێودەوڵەتی بڕیاریاندا ئەم بەرهەمە بخەنە بەردەست و گشت ئامانجە جیاوازەکانی سەردەمە جیاجیاکانی رۆژهەڵاتناسان بپێکن.

سەبارەت بە لیژنەی دەرکردنی ئینسایکلۆپیدیا، ئەوانیش گەورە رۆژهەڵاتناسان بە هەرسێ زمانی ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەرەنسی بەم کارە هەستاون، لە سەرەتادا رۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی (مارتن تیودرهوستما[1]) بەسەرنوسەری لیژنەی بڵاوکراوەکان لە چاپخانەی (لیدن) دەست نیشان کرا. (صالح، 2010، 233- 234). لەساڵی ١٨٩١ دەست کرا بە نوسینی ئینسایکلۆپیدیا وەلە ١٩٠٦ز چاپکرا. (مساعد، ٢٠٠٤، ١٤). بەڵام ئەو لێکۆلینەوانەی تایبەت بوو بە وڵاتی فارس و عوسمانی وڵاتی هیند لەسەرەتادا هوستما هەڵساوە بە سەرپەرشتی کردنی، دواتر (فنسیک[2]) لەساڵی ١٩٢٤ شوێنی گرتەوە. (القاسم، ٢٠١٠، ج١، ٥٤). لە چاپە ئەڵمانیەکەش ( شادە)[3] و ( هارتمان)[4] و (هینفسک)[5] سەرپەرشتیان کردووە، صالح،٢٠١٠، ج١، ص234.

لە چاپە ئینگلیزیەکە (توماس ئارلوند[6]) بەشداری و سەرپەرشتی دەرچونی کردووە، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی لە ژێرچاودێری بەریتانیا بوون. (القاسم، ٢٠١٠، ٥٥). لەکۆتا چاپی یەکەم لە هەشت بەش پێک هاتبوو، لەگەڵ پاشکۆیەک کە نۆ هەزار مادەی لەخۆ گرتبوو، (المساعد، ٢٠٠٤، ١٦). بەڵام پاش جەنگی دووەمی جیهانی لێژنەی بڵاوکراوەکان تووشی پەرتەوازەیی بوون، بۆیە کارەکانیان، بەهۆی نەمانی ئەندامەکانیان، ڕاگرت، پاشان دەستیان بە چالاکیەکانیان کردەوە، لیژنەی کۆنگرەیی یازدەم لە ساڵی ١٩٤٨ز بڕیاریاندا چاپێکی نوێ لە ئینسایکلۆپیدیا دەربچێت و دووبارە لەسەر شێواز و بنەمای نوێ بخەنە بەردەست، سەرەڕای ئەمەش ئەم چاپە چەندجار لیژنەی بۆ دەرچوو. (الزقزوق، ١٩٨٩، ٧١). هەروەها لیژنەکە زۆر جار تووشی گرفتی دارایی بووەوە، بۆ ئەو ئامانجە دیاریکراوە، پشتیان بەست بە کۆکردنەوەی یارمەتی ڕێکخراو خێرخوازییەکان، لەوانە رێخراوی (روکفلد) لەساڵی ١٩٦٢ز چل و پێنج هەزار دۆلاری بۆتەواو کردنی کارەکانیان پێشکەشکرد. (العقيقي، 1963، ج3، 370-372). جیاوازی ئەم چاپە لەگەڵ چاپی یەکەم ئەوەبوو، بابەتی زۆری بۆ زیادکراوە، هەروەها هەندێ لە نوسینی رۆژهەڵاتناسان لە چاپی پێش خۆی، دووبارە پێداچونەوە بۆ نوسینەکان لەزانیاری مادەکان، لەسەر بنەمای زانستی; کردووە، پاشان دووبارە بەزمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی بڵاوکرایەوە. سەرپەرشتیاری لیژنە و سەرنوسەر لە (شاخت[7]) و

(شارل بێلاCharles Pellat [8]) و (بردنارد لویسBernard Lewis[9]) پێک هاتبوون، دواتر لەچەند خولێکدا داوای گۆڕانکاری لە لیژنەو مانەوەی ئامانج کرا. (الحميد، دت، ٨). چاپی یەکەم لە نێوان ساڵانی (١٩١٣- ١٩٣٨) بەتەواوی بەردەست بوو، چاپی دووەم لەنێوان ساڵانی (١٩٥٤- ١٩٧٧) بەردەست کراوە. (العايد، ١٩٨٩، ٤١-٤٤). ساڵی ١٩٨٧ چاپی دووەم نوێ کرایەوە، لەسەر هەمان بابەت و شێواز بە زیادکردنی پاشکۆ، چاپخانەی( بريل) بەم کارە هەڵساوە. (الحميد، دت، ٨). چاپی سێیەمیش لە ساڵی (٢٠٠٧)، بەکورتکراوەی لەگەڵ چاپە ئەلیکترۆنیەکە گەیاندراوە مەبەستیان لەو کورتکردنەوەیە، هەموو ئەو بابەتانەی گرنگی هەیە لە ناو بڵاوکراوەکە تایبەت بە ئیسلام خراوەتە ڕوو، تاکو بیروڕای ئیسلام بەشێوەیەکی خێرا بگەیەنێت. بۆ ئەو کەسانەی کە کاتی کەمیان هەیە. (القاسم، ٢٠١٠، ٥٦؛ صالح،٢٠١٠، ٢٣٩). سەبارت بەم توێژینەوەی کە کاری لەسەر دەکەین (دیدی رۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە

---

[1] مارتن تیودرهوستما Martin Tiodor Hotsma: رۆژهەڵاتناسێکی هۆڵەندی بوو لە نێوان ساڵانی(١٨٥١-١٩٤٣) ژیاوە لەساڵی ١٨٧٥ بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر ناکۆکیەکانی عەقیدەی ئیسلام لە لیدن وەرگرتووە، (العقيقي،،دت، ج٢، ٣١٥).

[2] ا ارنت جان فنسنک Arent Jan vensinck:- ناوی تەواوی ئارنولدجان فنسک رۆژهەڵاتناسێکی هۆڵەندی بوو لە ساڵی ١٨٨٢-١٩٣٩ ژیاوە فێری زمانی عەرەبی بووە خاوەنی بەرهەمی زۆر بووە. بۆتە مامۆستا لە زانکۆی لیدن ئیسایکلۆپیدیای فەرمودەکانی بە چاپ گەیاندووە. (حمدان،،١٩٨٨، ٤٢).

[3] شادە ( A. Cheada) رۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانی بوو لە نێوان ساڵانی ١٨٨٢-١٩٥٢ ژیاوە وەکو مامۆستایەک لە زانکۆی هابورج زانکۆی میسڕ دەرسی وتۆتەوە پاشان وەکو بەڕێوبەری (دارالكتب). لە قاهیرە دامەزراوە یەکێک لە بەرهەمەکانی لەسەر شەریعەتی ئیسلامی بووە. العقيقي: .دت،ج٢، ٤٤٨

[4] ریشارد هارتمان R.Hartmannرۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانی بوو لە نێوان ساڵانی(١٨٨١-١٩٦٥) ژیاوە بۆتە مامۆستای زمانی عەرەبی لە زانکۆی بەرلین پاشان بۆتە بەڕێوبەری پەیمانگای زمانە رۆژهەڵاتناسیەکان لە بەرلین. (العقيقي، دت، ج٢، ٤٤٦).

[5] بدبیر هنفسک: سەبارەت بە ژیانی زانیاری نییە

[6] توماس ارلوند: Arnoldرۆژهەڵاتناس و مێژوونووسی ئینگلیز لەنێوان ساڵانی ١٨٦٤-١٩٣٠ ژیاوە لە بریگانیا، بۆتە مامۆستا لە زانکۆی زمانە رۆژهەڵاتییەکان لە لەندەن بەتایبەت زمانی عەرەبی. (الحمدان، ١٩٨٨، ١٢٠؛ الزركلي، ١٩٨٤، ج٢، ٩٤).

[7] شاختJoseph Schacht : رۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانییە لە نێوان ساڵانی (١٩٠٢-١٩٦٩)ژیاوە دەرچووی زانکۆی برسالا لینریچ بووە بۆتە مامۆستای زانکۆ لە میسر ١٩٢٧ لە ساڵی ١٩٤٥ رەگەزنامەی بەریتانی وەرگرتووە لە وەزارەتی زانیاری و پێگەیاندنی بەریتانی دامەزراوە. زۆربەی خوێندنەوەکانی لەسەر شەریعەتی ئیسلامی بووە. (الجزائيری، ٢٠١٢، ٧٩).

[2] شارل بێلا: Charles pellatرۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسی بوو لەنێوان ساڵانی( ١٩١٤- ١٩٩٢) ژیاوە پسپۆری لەسەر پێغەمبەر(د.خ) و فتوحاتی ئیسلامی بووەتە دکتۆر لە زانکۆی ئادابی مەراکش وەکو مامۆستا کاری کردووە لەگەڵ کۆلێژی ئاداب زانکۆی پاریس. (البدوی، ١٩٩٣، ١١٧).

[9] بردنارد لویسBernard Lewis :- رۆژهەڵاتناسێکی بەریتانی بەرەگەز یەهودی بوو ساڵی ١٩١٣ لە لەندەن لەدایک بووە پسپۆری لە رۆژهەڵات و ئیسلام وەرگرتوو تاکوو ساڵی ١٩٨٦ کاری لە پەیمانگا بۆ لێکۆڵینەوەی یەهودی رۆژهەڵاتی خواروو کردووە، (برنارد وادوارد، ١٩٩٤، ٥؛ عبدالجبار، ٢٠١٣، ٢).

كورد لەسەردەمی عەباسی لە ئینسایكلۆپیدیای ئیسلام بە نمونەی) چاپی دووەمە كە بۆ جاری دووەم لەساڵی ( ١٩٨٦- ٢٠٠٢ ) چاپكراوەتەوە، بەكارهێندراوە.

ئینسایكلۆپیدیای ئیسلام وەرگێرانی بۆ چاپی عەرەبی:-

1. **چاپی وەرگێڕانی یەكەم:-** لەساڵی ١٩٣٣ لە یازدە بەرگ پێک هاتبوو هەربەرگێک بە نزیكەی (٥٠٠) لاپەر پێكهاتبوو، لەپیتی ئەلیف تاكوو بەشەكانی پیتی (حاء)حاء وە چاپكردنەكەش لە (دارالفكر) لەشاری قاهیرە بووە. (المساعد، ٢٠١٩، ٣). وە دەرچوی دووەم لەساڵی ١٩٦٩ لە شازدە بەرگ پێک هاتبوو، هەر بەرگێک نزیكەی(600) پەڕ بوو لە پیتی ئەلیف تاوەكو پیتی (خ) بە مادەی (خدابخش) كۆتای هاتووە. (صالح، ٢٠١٠، ج1، ٢٣٧). ژمارەی نوسەرەكانی ئینسایكلۆپیدیای ئیسلام نزیكەی ٤٨٦ نوسەر وە(٣٩٢٠ ) مادە پێكهاتبوون ، (٣٤٠) مادده رەخنەی نوسەرە عەرەبەكانی لێگیراوە. (القاسم، ٢٠١٠، ٧٠). لیژنەی وەرگێڕان و دەرهێنانی ئینسایكلۆپیدیا بۆ زمانی عەرەبی( ابراهیم زەكی خورشید – احمەد شنتاوی – عبدالحمید یونس)، سەرپەرشتی لیژنەی وەرگێرانیان كردووە بەناوی ( دائرة المعارف الاسلامیه.) (اسماء و زهراء، ٢٠١٢، ٤٢). چاپی سێیەمیش بنكەی (الشارقة) بۆ داهێنان، هەستاوە بە دووبارە چاپكردن لە (١٩٩٨) بەهاوكاری لەگەڵ لیژنەی كتێبی میسری وە ئەم گۆڕانكاریەش لە چاپەكە ئەنجام دراوە:-

- پشت بەستن بەدوو دەرچووی وەرگێڕانی پێشوو كورتكردنەوەی سەرنج و تێبینییەكان زۆربەی مادە و زانیاریەكان وەلابردنی ئەو تێبینیانەی كە گرنگیان كەمە و یان گونجاو نین بۆ قورئانی پیرۆز كەسایەتی پێغەمبەر(د.خ) وە ژمارەی بەرگەكان بیست و دوو بەرگی لێ وەرگێڕدراوە هەر بەرگێک (٣٣٠) پەڕە پێك هاتووە

- وەرگێڕانەكە لە پیتی (عین تاكو یاء) لەگەڵ كورتكردنەوەی زۆربەی مادەكان و زیادكردنی هەندێ تێبینی نوێ بەمەش ژمارەی گەیشتە دە بەرگ و كۆی گشتی (٣٢) بەرگ پێک هاتووە. (الزقزوق، ١٩٨٩، ٧٢).

- ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو چاپە بایەخی ئینسایكلۆپیدیای زۆركەم كردۆتەوە، چونكە زۆر مادەی گرنگی لابردووە یاخود كورتی كردۆتەوە.

**3-1 میتۆدی نووسینی ئینسایكلۆپیدیای ئیسلام**

چۆنییەتی داڕشتنی دەرەكی ئینسایكلۆپیدیا تێڕامان لە ناوەڕۆكەكەی بۆ بابەتی كورد لەسەردەمی عەباسی ئینسایكلۆپیدیای ئیسلام بە كۆمەڵێک لە ڕاپۆرت و لێكۆڵینەوەی تایبەت بە ڕۆژهەڵات و ئیسلام بە پینوسی ڕۆژهەڵاتناسانەوە نوسراوە، چەند چاپێک و بەرگێک بەردەست خراوە. بۆ بەرچاو خستنی روكاری دەرەكی ئینسایكلۆپیدیا، لەو چاپەی كاری لەسەر دەكەین، لە نیوان سالانی(1986-2002)كۆتای هاتووە، لە دوانزە بەرگ پێک دێت، لەژێر چاودێری ڕێكخراو ئەكادیمیای جیهانی سەرپەرشتی كراوە. لە هەموو بەرگەكانیش لەڕووكاری دەرەكی بەم شێوەیە:-

١- لە لاپەڕەی یەكەم ئاماژە بە بەرگ و دەستەی نوسەران و یاریدەدەری دەستەی نوسەران. چاپخانە وسالی چاپ دەكات، لە لاپەڕەی دووەم ئاماژە بە لیژنەی سەرپەرشتیاران و یاریدەدەران و ڕاپەڕێنەری بەرگەكە كراوە، ناویان هاتووە. هەر بەرگێک لیژنەی نوسەر و سەرپەرشتیاری تایبەت بەخۆی هەیە. ئەكادیمیای سەربەخۆی بەریتانی ئامادەی كردوون. لاپەڕەی سێیەم، ناوی ئەو نوسەرانە دەژمێرێت كە مادەكەیان نوسیووە. لاپەڕەی چوارەمدا لەگەل ناوی نووسەرانی مادده، پاشكۆیەک (ملحق) پیك هاتووە.

**1. بەرگی یەكەم** – لە (A-b) پێک هاتووە، ساڵی (١٩٨٦) لە چاپخانەی لیدن بریل چاپكراوە:

ئەندامانی سەرنوسەر ( هـ ئەلف. دگاپ، ج – هـ كامرس، ی. لیڤی، پ .رۆ زنتال، ج شكاچیت.

یاریدەدەری نوسەران ( ب. لویس، س. هـ پلات هەروها سكاچیت)

دەستەی سەرپەرشتیار ئابرل، س. س. برگ. ف گابرل، ی كارۆا، هـ ئە. د. گاپ. ع هـ كامرس. تا. لوسكی، لوین لرسین، هـ ماس، ج س، ملیس، د. پریت، ف. س. ویدیر دەستەی یاردەدەری سەرپەرشتیاران هـ عبدولوەهاب، عدنان ئاوڤیر، ی. بزمی. الناصر حسین جمجد دیگرانت، ئەفازل هلات، مصتفی الشهاب حسین تاقینرادە، ی. تیان.

**2. بەرگی دووەم / V.(II) :**لەپیتی سی – جی ( C -G ) پێک هاتووە، لەساڵی ١٩٩١ لە لیدن، بریل بەچاپ گەیاندراوە.

ئەندامانی سەرنووسەر ( ب. لویس، س. هـ پلات هەروەها سکاچیت ) یاردەدەری دەستەی نووسەران.ج: بورتۆن پاکی. س دومونت، ف. ل. مینگس.

**ئەندامانی سەرپەرشتیار:** ( ئا. ئابر، س. برگ، ف .گابریل، ی .کارگا، هـ. ئە.د. گاپ، ج. هـ کامرس، تا. لوسکی، لوین. لویس، هـ .ماس، ج. س. ملیس، د. پریت ف. س ویدیر).

**دەستەی یاردەدەری سەرپەرشتیار:**

هـ عبدولوهاب، عەدنان ئادڤیر، ی. بزمی الناصری حسین، جمجد دیگرات، ئە فازل هلال، مستەفا شەهاب، حسین تاقیزادە ی. تیان

**3. بەرگی سێییەم/ پیتی ( h- TRAM) – (VIII) .v:** لەساڵی ١٩٨٦ لە لیدن چاپکراوە.

**دەستەی سەرنووسەران:** ب. لوسن ،ف. ل مینگی، س. چ .پلات، خ .سکاچیت .

**یاردەدەری دەستەی نووسەران:** س. دومنیت، سکریت گیزال هەروەها ڤان دۆنزیل، گ. ر. هاوتنگ.

**دەستەی سەرپەرشتیاران:** ئا. ئابرل، س. برگ ف. گابریل، ی .کارگا، هـ. ئە. د. گاپ،ج. هـ. کرامیس.،ت .لوسکی، لوین لویس، هـ ماس، ج. س ملیس. د. پمیت، ف، س وتدیر.

**دەستەی یاردەدەری سەرپەرشتیاران:** هـ، عبدولوەهاب، عەدنان ئادڤیر. ی. بزمی الناصر .حسین جمجد دیگرانت، ئە. فازل هلال، مستەفا شەهابی، حسین تاقیزاوە، ی تیان.

**4. بەرگی چوارەم/ ( IRAN -KHA(V.IV:** لەساڵی ١٩٩٧ چاپکراوە.

دەستەی نووسەران ( ێ .ڤا. دۆنزیل، ب لویس هەروەها س. هـ بیلات)

**یاردەدەری دەستەی سەرنووسەران:**( سکرتێری گشتی. ج . دومونت. گ. رهاوێگ خاتوو م. پاتیرسیۆن (ڕێخەری سکرتێر )، ف. ت ژدیلمان، میلی مۆرت. س . لورین ).

**ئەندامانی سەرپەرشتیاران:** س. س بێرگ، س. ێ . بۆسورپ، ج، ت بدربرۆ حسن ێ. ڤان دۆنزیل، ئیتگاوس، ف گابرێل، ێ گارسیاگۆمێز گ. جوتە، ت. لیونسکی، لیوێن – هتد

**ئەندامانی یاریدەدەری سەرپەرشتیار/: ناجی الاصیل** س، یازمی ئەنساری، فایزی هینال عبدولعزیز خواتیر، ابراهیم مزکور، ێ تیان

**5. بەرگی پێنجەم // (KHE -MAH V.(V:** (خ - ماهـ) لەساڵی (١٩٨٦) چاپکراوە.

دەستەی سەرنووسەری: س. ی. بۆوسروپ. ێ ڤان دونزیل، و. ب هرینکس هەروەها لیکۆمیت.

یاردەدەری سەرنووسەران: ب ج بیرمان. م. ی نوریت

لیژنەی سەرپەرشتیار، ب. ج بێرمان، ت. هـ بینکۆ، س. ی بوسروس، ج ت دیێریج، باس قهرنە، ێ. ڤان دونزیل، ج. ڤان. ئیس، پ. هینیر نسین، ب، ج کاتجن. ل. س لامیتۆن ب لوس، ف ڕۆزنتال ت ئەبوفتح

**یاردەدەری ئەندامانی سەرپەرشتیار :** خەلیل ئیتاکیل، س. هـ ناصر. م. تەلبی

**6. بەرگی شەشەم / (MAHK – MID(V.VI:** لەساڵی (١٩٩١) لە لیدن بریل چاپکراوە.

ئەندامانی سەرنووسەری: س. ی. بوسروس. ێ ڤان دۆنزیل، هەروەها لیکۆمیت س. هـ بیلات. یاریدەدەری سەرنوسەران ب ج بیرمان. م. ی. نوریت.

ئەندامانی سەرپەرشتیار:- ب. ج بێرمان، ت. هـ بینکۆ، س. ی. بوسروس، ج ک دینزیج، باس قهرنە، ی. ڤان دۆنزیل، ج ڤان یئیس. پ. هینیر نسین، ب ج کاتیجن، ل. س لامیتۆن. ب لویس ف، روزنتال، ن ئەبو فیخ.

یاردەدەری سەپەرشتیار/ خەلیل تیاکیل س. هـ ناصر، م. تەلبی

**7. بەرگی حەوتەم/ ( MIF -NAZ V. ( vII:** ( ماف - ناز ) لەساڵی (١٩٩٣) لە لیدن برِیل چاپکراوە.

لیژنەی سەرنوسەری هەمان ئەو دەستەیەیە کە، بۆ سەرپەرشتیاری بەرگی شەشەم پێک هێنراون و کاریان کردووە.

**8. بەرگی هەشتەم/ (NED – SAM V. (VIII:** لەساڵی (١٩٩٥) لە لیدن برِیل چاپکراوە.

لیژنەی سەرنووسەری و سەرپەرشتیاری هەمان ئەو رۆژهەڵاتناسانەن کە بەرگی شەشەم و حەوتەمیان بەڕێوە بردووە.

**9. بەرگی نۆیەم/ ( SAN – SZE ( V.IX:** لەساڵی (١٩٩٧) لە لیدن برِیل بە چاپ گەیەنراوە، لیژنەی پێکهاتوو بۆ سەرنووسەری و سەرپەرشتیاری وەکو بەرگی شەشەم و حەوتەم و هەشتەم بووە.

**10. بەرگی دەیەم/ ( v.x ) .v (T-U):** ئامادەکراوە لەلایەن کۆمەڵێک رۆژهەڵاتناس لەساڵی ( ٢٠٠٠) پێداچونەوەی سەرنووسەران هەمان دەستەی سەرنووسەر و سەرپەرشتیاری بەرگی شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم بووە.

**11. بەرگی یانزە/ پیتی (XI) .v( W-Z ):** لەساڵی (٢٠٠٢) لە لیدن برِیل بەچاپ گەیەنراوە.

لیژنەی سەرنووسەری و سەرپەرشتیاری وەک، بەرگی شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم و دەیەم بووە.

**12. بەرگی دوانزە/ ( SuPPLEment v. ( xII** وەکوو پاشکۆیەک بۆ هەموو بەرگەکانی تر لەساڵی (٢٠٠٢) لە لیدن برِیل چاپکراوە.

دەستەی سەرنووسەری : ب. ج بێرمان، ت . بیانکویس ج. ی. بۆسورپ، ی. ڤان دۆنزیل هەروەها پ. هێنریچ.

لیژنەی سەرپەرشتیاران : س. س بینکیۆ، س. ی. بوسروس ی. ڤان دۆنزیل، ج ڤان لئس، گابرِیل گارسیا پ. هینیرنسین، ک. س لامیتۆن، س. هـ بیلات ف. روزنتال.

ئەندامانی یاردەدەری سەرپەرشتیار:- ناجی ئەسیل خەلیل امالیك.

**2- شیکردنەوە و تێرامان لە ناوەڕۆکی ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام**

ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام لە ناوەڕۆکەوە چەندین تایبەتمەندی نوسین لەڕووی بابەتەوە لەخۆ دەگرێت، هەندێك جار بە کۆکراوەیەکی جوگرافی وەسف دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە کتێبی زمانەوانی یاخود فەرهەنگی وەرگێڕان دەبینرێت. جگە زۆرترین بابەتی مێژووی رۆژهەڵات باسکراوە، هەروەها لایەنی ئابوری و سیاسی و بازرگانی و ژیانی ناوداران بەدی دەکرێت. ئەگەرچی شیکردنەوە بۆ بابەتەکان ناتوانرێت بکرێت، بەڵام بە کۆکراوەی زانیاری رۆژهەڵات دەبینرێت، میتۆدی نوسینی زانیاری دەربارەی کورد و ناوچەکەی لەڕووی بابەتەوە ئەمانەی خوارەوە بەرچاو دەکەوێت:-

1.نوسینی مێژووی سیاسی لە ئینسایکلۆپیدیا باسێکی زۆر بەتایبەتی مێژووی سیاسی رۆژهەڵات بەگشتی، کە زۆربەی مادەکان بەدیدەکرێت. تەنانەت زۆرجار هۆکاری نوسینی ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام بۆ رەوشی سیاسی رۆژئاوا و پاڵپشتییەکانیان دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە زۆرترین لایەنی ڕامیاری سەردەمەکان کۆن و ناوەڕاست و نوێ هەیە، دەربارەی کوردیش ئەمە ڕۆڵێکی گرنگی مێژوویی هەیە، بابەتی زۆری مێژووی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست بەردەست دەکەوێت. ڕۆڵێکی گرنگی مێژوویی هەیە، توانراوە ڕەوشی سیاسی کورد لە زووەوە بەرۆژئاوا بگەیەنرێت، ناساندنێکی تەواوی کورد بۆ رۆژئاوایەکان بکرێت The Encyclopedia of Islam, AyyuBIDs, v.I, PP.796-806.

**2.لەڕووی زمانەوانییەوە:-** ناوی ناوچەکان لەباسی مادەکان شیکراوەتەوە، ڕەچەڵەکی ناوی ناوچە کوردییەکان بە کۆن و نوێیەکەی پیشان دەدات، لەگەڵ واتای ناوەکان، وە زاراوەی جیاجیا و بەکارهێنانی، بۆ نموونە لەمادەی ( حصن کیفا ) واتای ناوەکەی بۆ زمانی سریانی دەگەڕێتەوە، بەواتای تاشە بەرد دێت.The Encyclopaedia of Islam, Hisnkayfa v. III, PP. 507. شاری میافارقین ناوەکەی بۆ یۆنانی و سیانی ئەرمەنی وە بۆ وشەی ( موفەر گلین ) دەگەڕێتەوە. The Encyclopaedia of Islam, Mayyafarikin, v. III, P. 60 هەروەها لەمادەی گۆران ناوەکەی بۆ دیالێکتی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە. The Encyclopaedia of Islam, GURAN, v.II, PP. 1139وشەی (Gabr) بۆ وشەی گاوری کوردی گەڕاندۆتەوە. The Encyclopaedia of Islam, Gabr, v.II, PP. 970.ڕەچەڵەکی ناوی موسڵ وشەی خولان بووە The Encyclopaedia of Islam, ALMusil, v.III, PP. 899. وە لەسەردەمی ئەیوبییەکان لەجیاتی عەسا هەڵگر (CAUSH) کەوشیان بەکار هێناوە. The Encyclopaedia of Islam, CAUSH, v. II, P. 16. جگە لەوشەی (ایکتا) ئەیوبییەکان بە دەرەبەگیانوتووە The Encyclopaedia of Islam, IKTA, v.III, PP. 1089. بەڵام بۆ شیکردنەوەی وشەو ناوەکان لە ڕووی زمانەوانییەوە پشتیان بەسەرچاوە بەستووە، بەتایبەت هەمان ئەو میتۆدەیان، کە لە کتێبە وڵاتناسەکانی سەردەمی ئیسلام گرتوویانەبەر، تەنانەت کاریگەری نوسینەکانی سەردەمی ئیسلامیان بەسەرەوە دیارە.

3.لەڕووی جوگرافییەوە ئینسایکلۆپیدیای دەتوانرێت باسی بە کۆکراوەیەکی جوگرافی بکرێ، چونکە لەباسی ناوهێنانی هەر مادەیەک، جوگرافییەکەی دەست نیشان کردووە، بەهەمان شێوەش بۆ ناوچە کوردییەکان ئەمە دووبارە دەبێتەوە. پشتی بە سەرچاوە بەستووە، هەروەك و لە شاری خلات دیارە.The Encyclopaedia of Islam, AKHLat x.VI PP. 329. هەروەها لە شاری

ماردین .The Encyclopaedia of Islam, Mardin, v.VI, PP. 539-540 وە لە شاری ئامێدی دەبینرێت The Encyclopaedia of Islam, Mardin, v.I, PP. 427. لەگەڵ دیاریکردنی جوگرافیای کۆن و ناوەراست و نوێی ناوچەکان. The Encyclopaedia of Islam, Hisukafa, v.III, PP. 507. تەنیا لە شوێنەکان، جوگرافییەکەی دەستنیشان ناکات، لە باسی کەسایەتییەکان شوێنی پێگەیشتنی ژیانیان دەخاتە روو .The Encyclopaedia of Islam, SHIRKUH, v.IX, PP 486 یاخود شوێنی هۆزە کوردییەکان The Encyclopaedia of Islam, SHABANKARA v.IX, PP. 156. هەروەها شوێنی میرنشینە کوردییەکانیش دەست نیشان دەکات The Encyclopaedia of Islam, HASANWAYH, v.III, PP. 258. لەگەڵ دیاریکردنی گرنگی جوگرافی ناوچەکان The Encyclopaedia of Islam, SHADDADIS, v.IX, PP. 169.

**4- ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام ژێدەریکی سەرەکی مێژووە:-**

چونکە باسکردنی هەرلایەنێك جوگرافی یان سیاسی و ئابوری، کۆمەڵایەتی زمانەوانی بێت، بە مێژوو دادەنرێت، وە لەبەر ئەوەی ئینسایکلۆپیدیا کارێکی بە کۆمەڵە بۆیە میتۆدی نوسینی مێژوویی یاخود رێبازێکی هاوبەش لە نوسینیدا نییە، بەڵکو تێکەڵاویەک بەدی دەکرێ. وە زۆربەی کات دارشتنی بابەتەکیە نەک شیکردنەوەو بەراوردکاری بەڵکو وەکو کۆکردنەوەی زانیارییە و یاخود ریزکردنی زانیاریە لە سەرچاوە جیاجیاکان بەبێ رەچاو کردنی کات و شوێن و سەردەم و بەیەکەوە بەستنەوەیان. هەروەها بەکارهێنانی رێبازی نوسین و لێکۆڵینەوەی مێژوویی هەندێ کات رەچاو نەکراوە، بۆ نموونە ساڵەکانی کۆچی و زاینی لە رووداوە مێژوویەکان بەیەك شێواز دیاری نەکراوە. .The Encyclopaedia of Islam, ARRMinia, v.I, PP. 634 هەروەها دووبارە کردنەوەی زانیارییەکان .The Encyclopaedia of Islam, SAYFAI-DAWLA, v.IX, PP. 106؛ The Encyclopaedia of Islam, SALAHADDIN, v.VIII, PP. 910. یان رووداوە مێژویەکانی سەدەکانی ناوەراست، ئیسلام ئاماژە بە زاراوەی نوێ دەکات The Encyclopaedia of Islam, CRUSAdes, v.II, P. 64. جگە لە لایەنگری و دژایەتی بۆ رووداوە مێژووییەکان.

5- میتۆدی نوسینی ژیاننامەی کەسایەتیە دیار و رۆشنبیریەکان:-

ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام ژمارەیەک لە ژیاننامەی کەسایەتیە رۆشنبیری و سیاسی و کەسە دیارە کوردیەکان باسدەکات، بەڵام ئەوەی لەسەردەمی عەباسی زیاتر تیشکی خراوەتە سەر، کەسایەتی و نوسەرەکانی سەردەمی ئەیوبین.

6- رەوشی ئابووریش لە ئینسکلۆپیدیا بە کورتی لە ناوچە کوردیەکان تیشکی خراوەتەسەر، بە تایبەتی لایەنی کشتوکاڵ The Encyclopaedia of Islam, v.III, PP. 571. و بازرگانی .The Encyclopaedia of Islam, v.II, pp 791. 6v.vx, PP. 47 بێگومان زانیاریەکانیش بۆ سەرچاوەکان گەڕاندۆتەوە.

7- دەتوانین بڵێین لایەنی بیناسازیش یەکێکە لەو باسانەی کە ژیاری شارستانی کورد و کاری سەرکردە کوردەکان لەم بوارە دەردەخات. The Encyclopaedia of Islam, v.IV. PP. 1101, PP. 210, PP. 424, PP. 483، vIII PP230

8- لایەنی کۆمەڵایەتی لە ناوەرۆکی ئینسایکلۆپیدیا بۆ بابەتی کورد لەسەردەمی عەباسی خۆی لەباسی هۆزە کوردییەکان دەبینێتەوە کە چۆن رەوشی هۆزایەتی دەسەڵاتە سیاسییەکەیان خراوەتە روو لەگەڵ دیاری کردنی شوێنی جوگرافی و سەردەم و فراوان خوازییەکەیان. The Encyclopaedia of Islam, v.x, PP. 916

9- تێرامان لەبارەی نەخشە و وێنە و زنجیرە درەختی ماڵباتە فەرمانرەواکان، لە ئینسایکلۆپیدیا بۆ بابەتی کورد بەدی دەکرێت، زیاتر تیشک خستنە سەر بابەتەکان کە لەلایەنێکی گرنگی روونکردنەوەیە بۆ زیاتر نوسین و لێکۆڵینەوە. بە زانست بوونی گشتی. The Encyclopaedia of Islam, v.I, pp635, pp188, pp796, v.I, PP. 499.

10- ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام هەندێ جار رەهەندێکی فەرهەنگیش لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە وشەی کوردی لەناو خودی کتێبەکە دەبینرێت و واتاکانیان لە زمانەکانی تری وەکو ئینگلیزی عەرەبی روونکراوەتەوە، بۆنموونە ( Halatnkurd ) بە عەرەبی ( فرار الكراد) وەرگێردراوە .The Encyclopaedia of Islam, GHUZZ, v.II, PP.1108

یاخود ( شاە هنجیر ) واتا الملك تين. The Encyclopaedia of Islam, HULWAN, v.III, PP. 571 (سوپاسالار) بەکارهاتووە بەمانای لێپرسراوی سەربازان.The Encyclopaedia of Islam, SIPAHSALAR, v. V, PP. 209 یان شاری ( خوی ) بەواتا کوردیەکەی خوێ ( salt ) دێت .The Encyclopaedia of Islam, KHoi v.v, PP. 28

هەروەها پیری موغان بەئینگلیزی (Old Bord)بەکارهاتووە. .The Encyclopaedia of Islam, MARDin, v.vI, PP. 539 – 540

**4-1 ئامانجی رۆژهەڵاتناسان لە دانانی ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام**

هۆکار و پێداچونەوە:

نوسینی کتێب و کۆکردنەوەی زانیاری لە هەموو بابەتێک خۆی لە شیکردنەوەو دروستی زانیاریەکان و دەرهێنان و سود لێوەرگرتنی دەبینێتەوە، خۆی دەخزێنێتە نێو قاڵبی زانستیەوە جا چ بڵاوکراوەکان یاخود کتێبەکان بێت، ئەمەش بۆ زیندوو کردنەوەی رۆحی میللی گرینگە. لێکۆڵینەوەی مێژوو بە شێوازی جیاجیا و گەیشتن بە ڕاستییەکی باوەڕ پێکراو لەلای خوێنەر ئەرکێکی قورسە دەکەوێتە سەر نووسەر بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکە.

رۆژهەڵاتناسانیش ئامانجی جیاوازیان هەبووە، ئەگەر جیاکاری بۆ بکرێت، تاک تاکە لەسەرچاوەکانیان دیاریان کردووە، بۆ نمـ وونە چەند سەرچاوەیەکی رۆژهەڵاتناسان لەسەر قورئانی پیرۆز کاری کردووە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:- (نولدکە، دت، ٢٠٠٠). یان کەسایەتییە مێژوویەکان وەکو پێغەمبەر(د.خ). بۆ زیاتر زانیاری (حمدان، دت)، یان ڕەوشی سیاسی لە رۆژهەڵات. بڕوانە: (لویس، ، ١٩٥٤). جگە لەسەر سەرچاوە مێژوویەکان تایبەت بە ئیسلام. (بلیر ، ، ٢٠٠٦).

**ئەگەر سەرنج لە ئینسکلۆپدیای ئیسلامیش بدەین هەموو ئامانجە جیاوازەکان دەبینرێت جا زانستی بێت یان نازانستی، بێگومان یارمەتیدەری ئامانجەکەش چەند هۆکارێکە:-**

1-زۆری ژمارەی نووسەرە رۆژهەڵاتییەکان. (العاید،١٩٩٠، ٥٥).

2-گەورەبوونی قەبارە و زۆر جۆر زانیاریەکان تیادا، بەردەوام چاپکردن و وەرگێران بۆزمانە جیاجیاکان، وەکو ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، عەرەبی، تورکی، ئەردی هتد. (المساعد، ٢٠٠٤،١٣؛ اسماء، زهراء، ٢٠١٢، ٤٢).

3-ئینسایکلۆپیدیا ناوی ئیسلامی هەڵگرتووە، هەر بۆیە سەرنجی خەڵک رادەکێشێ، زۆربەی خەڵک دەخوێنێتەوە.

4-دەست گرتن بەسەر هەموو پەرتوک و نوسراوەکان تایبەت بە جوگرافیا و مێژوو ئاین و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئیسلام، کە لەلایەن گەڕیدە و وڵات ناسان مێژوو نوسەرە رۆژهەڵاتییەکان نوسراوە، چاپکردنیان لە چاپخانەی ( لیدن). (صالح،٢٠١٠، ج1، ٢٣١).

**لەبەر ئەم هۆیانەوە ئەم ئینسایکلۆپیدیایە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو پێداچونەوە هەیە:-**

1-بوونی زانیاری زۆر تیادا وە لەزۆر سەرچاوە وەرگێڕان لەزۆربەی بوارە جیاجیاکان بابەت داڕێژراوە (سمایلۆفیتشن، ١٩٩٨،ص٥٦٨).

2-بەشێوەی ئاسان رێکخراوە، واتە بە ئەلفبێی هیجائی، بۆیە خوێنەر ئاسان زانیاری دەست دەکەوت.

3-نوسەرەکان هەوڵدەدەن بەشێوەیەکی بابەتیانە کارەکانیان دەربکەوێت. (سمايلوفتيشن،1998، 568).

سەبارەت بە ئامانجەکانیش بیروڕای جیاوازیان لەم بارەیەوە هەیە، هەندێ لە سەرچاوەکان پێیان وایە، رۆژهەڵاتناسان بەمەبەست ئەو جۆرە بەرهەمانە دەخەنە بەردەستی کەسانێك کە هزری داگیرکاریان هەیە، بۆئەوەی سودی لێوەربگرن، وە بەوە باسی دەکەن کە پڕە لە ڕق و کینە، دەمارگیری و گومان دژی ئیسلام، بەجۆرێک پێنوسەکانیان پڕ کردووە، لە هزرەکانی کلێساکان لەگەڵ ئەوەشدا بۆتە سەرچاوەیەک بۆ زۆربەی توێژینەوەکانی موسوڵمانان و کۆمەڵێک لە رۆژهەڵاتناسی جولەکە لەگەڵ قەشەکان ئامانجیان شێواندنی مێژوو و بیروباوەری ئیسلام بوو، وەکو ( لویس ماسیۆنس )[10] سەرۆکی بزاڤی نەسرانی لە میسڕ ، زیاتر لەوەش (جۆزێف شاخت) هەروەها (گولد زهیر)[11] و برنارد لویس بە توندرەوە نەسڕانیەکانی بزوتنەوەی مەسیحی دادەنرێن.

هەروەها قەشەکانی لاهوت بەشدارن، لە نوسینی بابەتەکان ( دانکی بلاک ماکدۆنالد)[12] نەسرانیەکی ئەمریکی بوو، بەوە ناسرا بوو، ڕقێکی توندی دژی ئیسلام هەیە (ادوین کالڤیری)[13] خاچ پەرستێکی ئەمریکی دەمارگیر نوسەری گۆڤاری جیهانی ئیسلام

[10] لویس ماسینۆسLowis Massignon :- لەنێوان ساڵانی١٨٨٣-١٩٦٢) ژیاوە رۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسی بوو، چۆتە جەزائیر شەهادەی لیسانسی لە ئەدەبیاتدا وەرگرتووە لە ماوەی ژیانی توانی گۆڤاری جیهانی ئیسلامی دەربکا، بروانامەی دکتۆرای لەسەر(حلاج) وەرگرتووە، (البدوی، ١٩٩٣، ٣٦٣-٣٧٠).

